# یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**یەکەی چاودێریی**

**را پۆرتی مانگانە**

## راپۆرتی دوانزەیەم

ئەیلول 2017

**لەگەڵ کۆکراوەی چالاکیەکانی ساڵێکی ئەندامەکان و یەکەکەو هەڵسەنگاندنی کارەکانیان**

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دووەم | چالاکیەکانی یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی ئەیلولی 2017 |
| بەشی سێیەم | ڕاپۆرتی کۆتایی |


## بەشی یەکەم: ناساندن

1. ناساندنی پرۆژە
2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان
5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی

## 1. ناساندنی پرۆژە

**یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، یەکەیەکی تایبەتە بە چاودێریی و بەدواداچون کردن بۆ کار و چالاکییەکانی نوێنەرانی ناوچەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەرێگەی بەدواداچونکردن بۆ ئیشوکارەکانیان و بڵاوکردنەوەی راپۆرتی مانگانە لەوبارەوە. یەکەکە پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگە بەپاڵپشی دارایی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی "NED" ئەمریکی.**

**ئامانجەکانی ئەم یەکەیە، بریتییە لە:**

1. **دەرخستنی قەبارەی چالاکی و نوێنەرایەتیکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ هاولاتیانی ناوچەکە.**

2. **دروستکردنی رایەڵەیەکی پەیوەندی دیکە لەنێوان ئەو نوێنەرانەو هاولاتیان، بە ئامانجی برەودانی زیاتر بە کاری نوێنەرایەتیکردن و هەروەها چاودێر بون بەسەر نوێنەرەکانەوە.**

3. **پیشاندانی ئەو را و سەرنج و تێبینییانەی کەلەلایەن هاولاتیانەوە لەسەر نوێنەرەکان دێتە ئاراوە، گەیاندنی دەنگی هەردولا بەیەکتری.**

**چالاکیەکانی ئەم یەکەیە بریتیی دەبێت لە:**

1. **ئامادەکردنی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و کاری نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.**

2. **ئەنجامدانی راپرسیی بۆ زانینی رای چین و توێژە جیاوازەکان لەسەر کار و چالاکی نوێنەرە گەرمیانیەکان.**

3. **ئەنجامدانی بەرنامەیەکی رادیۆی مانگانە، بۆ پتەوکردنی زیاتری رۆڵی نوێنەرایەتییکردنی هاولاتیان لە ئەنجومەن و دەزگا تەشریعییەکان.**

4. **ئەنجامدانی: کۆڕ، سیمینار، دیەبیت و کۆبونەوەی کراوە، لەبارەی گرنگییدانی زیاتر بە پرسی نوێنەرایەتییکردن و هەروەها چاودێریکردنی نوێنەرانی هەڵبژێردراو.**

## 2. ناساندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکی پارێزگای سلێمانییەوە، لەروی کارگێڕی و دارایی و یاساییەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەروی چاودێرییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی ئەنجومەن چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و رێنماییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی ناسەنتەری بەڕێوەبردنی کارگێڕی بکات، بەجۆرێکی وا کە ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستورو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمدا.

خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەپێی یاسای ژمارە (71)ی 6-4-2004ی پۆڵ بریمەر لە 31-1-2005دا هەڵبژێردراو لە (41) ئەندام پێکهاتبو، ئەم خولە کە خولی دوەمی ئەنجومەنە، بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2009 یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانو قەزاو ناحیەکان لەهەرێمی کوردستان-عیراقدا، لە 30-4-2014 دا هەڵبژێردراوەو لە (32) ئەندام پێکدێت، خولی دوەم بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2009 یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان-عیراق، یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە 24-6-2014دا کرد.

ئەنجومەن پێکدێت لە (7) فراکسیۆن، کە بریتین لە: (بزوتنەوەی گۆڕان 12 ئەندام، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 11 ئەندام، خزمەت (یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان) 4 ئەندام، پارتی دیموکراتی کوردستان 3 ئەندام، رافیدەین 1 ئەندام، هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان 1 ئەندام).

## 3. ناساندنی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

لەئێستادا (2) لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە گەرمیان تائێستاش بەشێکە لەو پارێزگایە، خەڵکی ناوچەی گەرمیانن و بە نوێنەرانی گەرمیان لەو ئەنجومەنە هەژمار دەکرێن، ئەوانیش:

1. غالب محەمەد عەلی.

2. محەمەد عەبدولوەهاب.

هاوکات بڕیارە لەپاش هەڵبژاردنی هەڤاڵ ئەبوبەکر بە پارێزگاری سلێمانی، لەجێگەی ناوبراو (کەریم عەلی کەریم) ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، کە ئەویش گەرمیانییەو دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلارە، بەڵام تائێستا بەهۆی کێشەی یاسایی و تەواونەبونی مامەڵەکانی دەستبەکاربونی (هەڤاڵ ئەبوبەکر) وەك پارێزگار، (کەریم عەلی) سوێندی یاسایی بۆ بون بە ئەندامی ئەنجومەن نەخواردوە.

### (CV) دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

(1)
ناوی چواری: غالب محەمەد عەلی شکور
فراکسیۆن: گۆڕان
شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1982
شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار
بڕوانامەو ساڵی دەرچون: خوێندکاری دکتۆرا لە شیکاری نەوت
باری خێزانی: سەڵت
کاری پێشتر: مامۆستای زانکۆ
ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی

ئیمەیڵ: ghalib8299@gmail.com

فەیسبوك: ghalib M.ali

ژمارە تەلەفۆن: 07702122501

کاری ناو ئەنجومەن: سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی وزەو بازرگانی و سامانە سروشتیەکان

چالاکی ڕێکخراوەیی: ئەندام لەچەند ریچکخراوێکی ژینگەیی و تەندروستی

(2)

ناوی چواری: محەمەد عەبدولوەهاب عومەر ڕەزا

فراکسیۆن: گۆڕان

نازناو: حەمەی شێخ

شوێن و ساڵی لەدایکبون: کەلار 1983

شوێنی نیشتەجێبونی ئێستا: کەلار – فەرمانبەران

بڕوانامەو ساڵی دەرچون: دبلۆم 2006–2007

باری خێزانی: خێزاندار

کاری پێشتر: مامۆستا

فەیسبوك: Hamay shex

ژمارە تەلەفۆن: 07701955029 – 07701581753

ئەو زمانانەی دەیزانێت: کوردی عەرەبی، کەمێك فارسی

کاری ناو ئەنجومەن: ئەندامی چوار لیژنە

چالاکی ڕێکخراوەیی: بەشداری زۆربەی چالاکیە مەدەنیەکانی شارەکەی کردوە

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

**گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوك بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.**

**ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێك قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێك لە قەزای خانەقین.)**

**لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوك کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، بەشێك لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوك.**

**بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوك لە دەربەندیخان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێك لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لە پێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.**

**ئەم ئیدارەیە، ئەگەرچی لە روی کارگێڕییەوە تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیەو دەسەڵاتی پارێزگای هەیە، بەڵام لەروی فەرمیەوە، هەتا ئێستا بەشێکە لە پارێزگای سلێمانی، هەربۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەشداریی دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و نوێنەریان لەو ئەنجومەنە دیاریی دەکەن.**

## 5. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژەی چاودێریی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

1. رادیۆی دەنگ:

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەك گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێك چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئالوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا .

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## بەشی دووەم:

## چالاکیەکانی ئەندامە گەرمیانیەکانی ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی لەمانگی ئەیلول 2017

1- غالب محەمەد عەلی

2- محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

دو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەماوەی مانگی ئەیلولی 2017 دا، تێکڕا لەمیانەی ئەرك و کارەکانیان دا، (21) چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، کە دابەش بون بەسەر ئەم بەشانەدا:

1. سەردان و بەدواداچون (9).
2. ئاراستەکردنی نوسراو (10).
3. بەشداریی (2).

1- غالب محەمەد عەلی

لەماوەی مانگی ئەیلول 2017 دا، غالب محەمەد عەلی، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (2) چالاکی هەبوە، کە (1) چالاکیان سەردان و بەدواداچون و (1) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراوێك لەبارەی ئەوەی کۆمپانیایەك مانگانە لەگەرمیان بڕێك پارە لە تانکەرەکانی گواستنەوەی نەوت وەردەگرێت. | 2017-9-8 |
| 2 | بەدواداچون | سەبارەت بە راگرتنی هاوردەکردنی بانزین لە ئێرانەوە. | 2017-9-28 |

## 2– محەمەد عەبدولوەهاب عومەر

لەماوەی مانگی ئەیلول 2017 دا، محەمەد عەبدولوەهاب، وەکو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، (19) چالاکی هەبوە، کە (8) چالاکیان سەردان و بەدواداچون و (2) چالاکییان بەشداری و (9) چالاکی ئاراستەکردنی نوسراو بوە.

| ز | جۆری چالاکی | مەبەستی چالاکی | بەروار |
|---|---|---|---|
| 1 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئیدارەی راپەرین بۆ هاوکارییکردنی هونەرمەندانی شاری قەلأدزێ. | 2017-9-6 |
| 2 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی باخچەکانی شاری کەلار. | 2017-9-6 |
| 3 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری سلێمانی بە مەبەستی گەیاندنی ئەم داواکارییانە: 1.هاوکارییکردنی تیپی شانۆی منالأنی گەرمیان. 2.سەردانکردنی گەرمیان بۆ هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ رۆشنبیری گەرمیان. 3.دابینکردنی کتێب بۆ کتێبخانەی ناحیەی هێرۆ. 4.هاوکاریکردنی گروپی شانۆی قەلأدزێ. | 2017-9-6 |
| 4 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی گوندی زەردی قادری بۆ بەدواداچونکردن بۆ خراپبونی بۆری ئاوی خواردنەوەیان و خراپی رێگاوبانی گوندەکەیان. | 2017-9-7 |
| 5 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی بەمەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ شارەوانی کەلار بەمەبەستی هەڵگرتنەوەی خۆڵ و خاشاکی گەرەکی کەلاری کۆن و شوقەی کەم دەرامەتتان. | 2017-9-7 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی لیژنەی تیپە میلیەکانی ناحیەی رزگاری بۆ بەدواداچونی کێشە و گرفتەکانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان. | 2017-9-8 |
| 7 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی گوندی سێگۆمەنانی سەر بەناحیەی سەنگاو بۆ بەدواداچونکردن بۆ خراپیونی رێگاوبانی گوندەکەیان. | 2017-9-9 |
| 8 | بەشداری | بەشداری لە گردبونەوەیەکی رۆژنامەنوسان و چالاکوانانی کەلار بۆ ئیدانەکردنی دەستگیرکردنی چالاکوانی بواری ژینگە سەروەر قەرەداغی. | 2017-9-10 |
| 9 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی داواکاری گشتی گەرمیان و پێدانی یاداشتێك لە بارەی ئەو برە پارەیەی کە لە ماوەکانی رابردودا لە دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان دەستی بەسەردا گیرا و دواتر لە لایەن بەرێوبەری گومرگی گەرمیانەوە ئازادکرا. | 2017-9-10 |
| 10 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەرێوبەرایەتی ئاوی شارەزور بەمەبستی چاککردنی ئاوی گەرەکی هەڵەبجەی قەزاکە. | 2017-9-11 |
| 11 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەرێوبەرایەتی ناحیەی سەنگاو بۆ چاککردنی رێگای گوندی سێ گۆمەتانی. | 2017-9-12 |
| 12 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەرێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان بەمەبەستی گۆرینی بۆری ئاوی خواردنەوەی گوندی زەردی قادری سەر بە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزایی کەلار. | 2017-9-12 |
| 13 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە | 2017-9-12 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەرێوبەرایەتی رێگاویانی گەرمیان بەمەبەستی چاککردنی رێگای گوندەکانی (زەردی قادر، زەردی مەحمود، زەرین، مێوەکە، پوقە، دوخران، دەنگە گەورە، کەنی زەرد، قەبری مەلا، مێوەکەی سەرو، مێوەکەی خوارو). | |
| 14 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئیدارەی راپەرین بۆ پێدانی زەوی بە یانەی وەرزشی قەلآدزێ بۆ دروستکردنی یاریگا و مەلەوانگە بۆ یانەکەیان. | 2017-9-13 |
| 15 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی شوقەی خێزانە کەمدەرامەتەکان لە قەزای کەلار و بەدوادچونکردن بۆ کێشە و گرفتەکانیان. | 2017-9-16 |
| 16 | بەشداری | بەشداریکردن لە کۆبونەوەیەك لەگەڵ بەشێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەرمیان. | 2017-9-17 |
| 17 | نوسراو | ئاراستەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە مەبەستی ئاراستەکردنی نوسراو بۆ بەرێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان بە مەبەستی چاککردنی رێگای شوقەی خێزانە کەمدەرامەتەکان لە ناو شاری کەلار. | 2017-9-18 |
| 18 | سەردان و بەدواداچون | سەرادنکردنی بەرێوبەرایەتی ئاوی دەورو بەری گەرمیان بۆ گەیاندنی داواکاری هاولآتیانی گوندی زەردی قارەمان بۆ چاککردنەوەی بۆری ئاوی خواردنەوەیان. | 2017-9-20 |
| 19 | سەردان و بەدواداچون | سەردانکردنی بەرێوبەرایەتی نەخشەدانانی گەرمیان بۆ ئاگاداربون لە چۆنیەتی بەرێوەچونی کارەکنی ماستەر پلانی گەرەکی حەمرین و گردەگۆزینە. | 2017-9-20 |

## بەشی سێیەم: را پۆرتی کۆتایی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ڕاپۆرتێکی کۆتایی گشتگیر لەبارەی چالاکیەکانی ئەم 12 مانگەی دو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها یەکەکەمان و چەند داتا و بابەتێکی دیکە ڕون بکەینەوە.

### یەکەم: کۆی چالاکیی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی دو نوێنەرەکەی گەرمیان

### 1. چالاکیی:

لەماوەی ئەم 12 مانگەی کە یەکەکەمان چاودێریی چالاکیی و کارەکانی دو نوێنەرەکەی گەرمیانی کردوە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چالاکیەکانیان وەك تۆمارکراوە لەلامان، بەمشێوەیە بون:

| ناو | کۆی ژمارەی چالاکی | سەردان و بەدواداچون | نوسراوکردن | بەشداریی |
|---|---|---|---|---|
| غالب محەمەد عەلی | 127 | 65 | 41 | 21 |
| محەمەد عەبدولوەهاب عومەر | 185 | 95 | 73 | 17 |

### 2. هەڵسەنگاندن

لەمیانەی 12 مانگ چاودێرییکردنی کارەکانی دو نوێنەرەکەی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وەکو یەکەکەمان ئەم بۆچونانەمان لەلا گەڵاڵە بوە سەبارەت بە کاروچالاکیەکانیان:

1. هەریەکە لە (غالب محەمەد) و (محەمەد عەبدولوەهاب)، لە ئەندامە چالاك و دیارەکانی نێو ئەنجومەنن، بەبەردەوامی بون و چالاکییان هەیە چ لە ناو ئەنجومەن و چ لە دەرەوەو لەناو کۆمەڵگادا.

2. دەرکەوتنی میدیایی هەردو ئەندامەکە باشە، بەشێوەیەك کە بۆ زۆر پرس و بابەتی پەیوەندیدار بەکاری ئەنجومەن و دەرەوەشی، ئەو دو نوێنەرە دەرکەوتنیان لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت، بەتایبەت (غالب محەمەد)، دەرکەوتنی زیاترە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

3. ژمارەی چالاکیی و کارەکانی (محەمەد عەبدولوەهاب)، زیاترە لەوانەی غالب محەمەد، بەشێوەیەك لەماوەی ئەم 12 مانگەدا، محەمەد عەبدولوەهاب (185) چالاکیی و غالب محەمەد (127) چالاکیی هەبوە.

4. پەیوەندیی و کۆنتاکتی هەردو نوێنەرەکەلەگەڵ دامودەزگاکانی سنوری گەرمیان باشە، بەبەردەوامی سەردانی دەزگاکان دەکەن، بەلاّم لەگەڵ هەندێك دەزگاش دا روبەروی کێشەو ئاستەنگیی بونەتەوە، تەنانەت دەزگای وا هەیە کە سکالای لەسەر ئەو دو ئەندامە تۆمارکردوە، لەنمونەی سکالاّی بەڕێوەبەری گومرکی گەرمیان لەسەر (محەمەد عەبدولوەهاب) و سکالاّی قایمقامیەتی کفری لەسەر (غالب محەمەد).

5. خودی دو ئەندامەکە لە بەدەمەوەهاتنی دەزگاکانی گەرمیان رازیین و باسلەوەش دەکەن کە تاڕادەیەکی زۆر دامودەزگا فەرمیەکان هاوکارییان دەکەن.

6. دەستبەکاربونی ئەم دونوێنەرەی گەرمیان هاوکاتە بە دروستبونی قەیرانی داریی، ئەمەش وایکردوە نەتوانن کارەکانیان بەو ئاستە ببەنە رێوە کەخۆیان دەیانەویست، چونکە لەلایەك زۆرێك لە پرۆژەو کارەکان وەستاون، لەلایەکی تریشەوە ناتوانن پرۆژەو کاری نوێ پێشنیاز و جێبەجێ بکەن.

7. بەپێی بەدواداچونمان، کاریگەریی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەسەر دەزگا فەرمیەکانی گەرمیان لاواز یان سنورداره، چونکە بەوپێیەی گەرمیان وەکو ئیدارەیەکی سەربەخۆ و نیمچە پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵدا دەگرێت، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ناتوانێت رەقیبێکی زۆر باش بێت بەسەر ئەو ئیدارەیەوە، بۆ ئەمەش بۆشاییەك لەکاری ئەنجومەنەکەدا هەیە کەپێویستی بەوەیە بەیاسای تایەبتمەند رێکبخرێت.

8. پەیوەندیی ئیشکردنی نێوان هەردو ئەندامە گەرمیانیەکەی ئەنجومەن لاوازە، چونکە تەنها لە 2 حاڵەت نەبێت، ئەگینا ئەو دو نوێنەرە بەدرێژایی ئەم ساڵە، هیچ کار و چالاکیەکی هاوبەشیان نەبوە پێکەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە هەردوکیان سەر بە یەك فراکسیۆنن و دانیشتوی یەك شاریشن.

9. تائێستا زۆرێك لە فەرمانگەکانی سنورەکە ئاشنا نین بە کاری ئەنجومەن و ئەندامانی ئەنجومەن، ئەمەش وایکردوە هەندێك کات بەدحاڵیی بون روبدات، بۆ ئەمەش پێویست بو ئەنجومەنەکە پێش دەست بەکاربونی، کۆبونەوەو دیدار و وۆرکشۆپی لەگەڵ سەرجەم دەزگاکان رێکبخستایە بۆ رونکردنەوەی کاروچالاکییەکانیان.

10. زۆرینەی چالاکیەکانی دو نوێنەرەکەی گەرمیان، بەرز کردنەوەو ئاراستەکردنی نوسراوە، ئەویش بەهۆی ئەو رۆتینە ئیدارییەی لەکاروبارە فەرمییەکان دا هەیە، ئەمەش وادەکات زۆربەی جار بەدواداچونەکان نەگەن بە دەرەنجام و تەنها لە خستنەرو دا خۆی ببینێتەوە.

11. لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەشداریی دو نوێنەرەکەی گەرمیان باش و چالاکە، ئەمەش وادەکات زوتر لەراوبۆچونی خۆیان و ئەو کاروچالاکییانەی کەپێی هەڵدەستن، جەماوەرەکەیان ئاگادار بکەنەوە.

12. بەپشت بەستن بەو 5 راپرسییەی کە یەکەکەمان لەمسالّدا ئەنجامیدا لە هەریەکە لە قەزاکانی (کەلار و کفری) و ناحیەکانی (باوەنور و رزگاریی) و راپرسیەکی تر لەنێو رۆژنامەنوسان، رای زۆرینەی هاولاّتیان لەبارەی ئاستی چالاکیی و بەدەمەوەهاتنی دو نوێنەرەکە بۆ کێشەو گرفتەکانی خەلّك، مام ناوەندە بەپێی هەلّسەنگاندنی خۆیان.

13. زۆرینەی بەدواداچون و کارەکانی ئەو دو نوێنەرە، لە سنوری گەرمیان و بەتایبەت قەزای کەلار کۆبوەتەوە، ئەمەش رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کەخۆیان خەلّك و دانیشتوی ئەو قەزایەن.

14. بەوپێیەی دو نوێنەرەکە خەلّکی کەلارن، بۆیە زۆرتر لەو قەزایەدا ناسراون، وەك لە دەرەنجامی راپرسیی یەکەکەمان دەرکەوتوە کەلەقەزای کفری ئەنجاممان داوە، لەو قەزایە، بەشێکی بەرچاوی هاولاّتیان ئاشنا نین بە چالاکی و کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان.

15. سەرباری ئەوەی دانیشتوی گەرمیان و قەزای کەلارن، بەلاّم دو نوێنەرەکە چالاکیی و بەدواداچونیان لەناوچەو بەشی تری پارێزگای سلێمانی هەبوە، بۆنمونە بەدواداچونیان کردوە بۆ کێشەو سکالاّی هاولاّتیان لەشارەکانی دیکەی سنوری شارەزور و هەلّەبجەو سلێمانی و راپەرین و چەمچەمالّ و ...هتد.

16. لەمیانی چەند کۆبونەوەو دیدارێکدا کە یەکەکەمان ئەنجامییدا، گەشتینە ئەو دەرەنجامەی کەبەشێکی بەرچاوی هاولاّتیان لە چین و توێژە جیاوازەکان، ئاگاداری وردەکاریی و چییەتیی کاری ئەندامانی ئەنجومەن نین، ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کار و ئەرکی ئەنجومەن و ئەندامەکانیان بۆ رون نەکراوەتەوە.

**دوەم: چالاکی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

### 1. چالاکی یەکە

| ز | جۆری چالاکیی | ژمارەی چالاکی |
|---|---|---|
| 1 | ڕاپۆرتی مانگانە | 12 |
| 2 | بەرنامەی ڕادیۆیی | 12 |
| 3 | دیدار و کۆبونەوە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن لەگەڵ چین و توێژەکان | 2 |
| 4 | ڕاپرسی | 5 |
| 5 | سیمینار | 1 |
| 6 | ڕاپۆرت | 3 |

### 2. هەڵسەنگاندنی یەکە

لەکۆتا ڕاپۆرتی یەکەکەماندا، بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانمان و هەروەها خستنەڕوی تێبینی و ڕەخنەو سەرنجەکان، بەباشمان زانیی ڕای 2 ئەکادیمیی وەربگرین کەلەبواری پەرەپێدانی دیموکراسیی و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکاندا تاڕادەیەکی زۆر شارەزاییان هەیە، ئەوانیش هەریەکە لە بەڕێزان: (ئاریان ڕەئوف) و (پشتیوان حەمەسەعید)ن.

**هەڵسەنگاندنی یەکەم:**

**ئاریان ڕەئوف**، ماستەر لە زانستی سیاسیی، سەرباری ئەوەی مامۆستای زانکۆیە، وەکو توێژەر و نوسەر و چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤ و دیموکراسیی چالاکەو لەو ڕووەوە دەیان سیمینار و کۆڕ و وۆرکشۆپی ئەنجام داوە.

پوختەی ڕاوبۆچونی لەبارەی یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەمشێوەیە خستوەتە ڕو:

لە ڕوانین لە سەرجەم ئەو کار و پرۆژانەی یەکەیی چاودێری ئەندامە گەرمیانیەکانی ئەنجومەنی پارێزگایی سلێمانی لە ڕادیویی دەنگ ئەنجامی داون، بەرادیەکی باش کاریگەری دروستکردوە لە ئەدای چەندایەتی و چۆنایەتی ئەندامانی گەرمیانی ئەنجومەنە کە لەلایەك و ئاشنابونی و بەهەند وەرگرتنی بەشێك لە ڕۆژنامەنوسان و هاولاتیان بە کارو ئەرکی ئەندامانی ئەنجومەن و ئاشنابونی بە چالاکیەکانیان.

سەبارەت بە ئەو ئامانجانەی کە یەکەکە لە دۆکیومێنتەکانی خۆیدا ئاماژەی پێکردوە بە شێوازێکی تاڕادەیەك باش توانیویەتی بەدەستی بهێنێت بە ئەو ئامراز و کارانەی لە ئامانجەکانیدا دیاری کردوە، لەوانەش: ئەنجامدان و سازدانی (ڕاپۆرتی مانگانە، بەرنامەی ڕادیۆیی، هەڵسەنگاندنی ئەدای دو ئەندامەکەی ئەنجومەن، ڕاپرسی و کۆڕ و سمینار و دیبەیت).

وەك تێبینیکردن لە ڕاپۆرت و کارەکانی یەکەکە بەدی دەکرێت، کەمتر لەدەرەوەی ڕادیۆی دەنگ پڕوپاگەندە بۆ کاری یەکەکە بکرێت ئەمەش وەهایی کردوە نەتوانرێت زیاتر خەڵك بە پرۆژەکە ئاشنا بکرێت، هەربۆیە پێشنیار دەکەم:

1. کارو چالاکیەکانی ئەم یەکە بەدەر لە ڕادیۆی دەنگ پڕوپاگەندی تری بۆ بکرێت لە شوێنەکانی تریش جا لە ڕێگەی فلێکس یان پەخشکردنی ڕاپۆرتەکانی بەدەر لە ئۆرگانەکانی تری ڕادیۆی دەنگ.
2. بردنی کارو هەڵسەنگاندنەکانی ئەم یەکیە بۆ ناو زانکۆ و پەیمانگاکان.
3. بەشی کارگێری لە پەیمانگایی تەکنیکی سودی لێوەرنەگیراوە چ بۆ ڕاپرسیەکان چ بۆ چالاکیەکان، بەبڕوای من پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ئەم یەکەو بەشی کارگێری هەیەو ئومێد دەکەم لە پرۆژەکانی ئایند سود وەربگیرێت.
4. سازدانی دیبەیت و سمینار گشتی لە نێوان بەرێوەبەرغ فەرمانگەکانی ئیدارەی گەرمیان و ئەندامانی ئەنجومەن و هاونیشتمانیان

**هەڵسەنگاندنی دوەم:**

**پشتیوان حەمەسەعید، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە یاسادا، وەکو چالاکوانێکی بواری یاسایی و کۆمەڵگای مەدەنیی و پێشتریش وەکو رۆژنامەنوس، چالاکەو لەو روەشەوە چەندین سیمینار و کۆڕ و وۆرکشۆپی گرێداوە.**

**پۆختەی راوبۆچونەکانی لەخوارەوە دەخەینە رو:**

**سود و گرنگی پرۆژەکە بە دیدی ئێمی زۆر و هەمەچەشنن دەکرێت لێرەدا بە خێرایی ئاماژە بەچەند خاڵێك بکەین لەوانە:**

**1. قوڵکردنەوەی کەلتوری دیموکراسی لە رێگەی چەسپاندنی کەلتوری دیودەری(شفافیە) لە بەڕێوەچونی کارەکەکان و بە جێگەیاندنی ئەرکەکاندا.**

**2. خزمەتککردن و بە هاپێدانی کارکردن بە پرەنسیپی(پادشت و سزا) کە لە گرنگترین بنەمای هاندانی کەسێکە بۆ ئەوەی کارێك بە شێوەیەکی چاك و بەسود ئەدا بکات و فێربێت چاوەڕێیی دەرەنجامی ئەو کارە بێت کە پێی هەستا بێت.گەر تەماشا بکەین ئەم پرۆژە یە جۆرێك لە (پێزانین) و (هاندان) ی تێدایە بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا کە بێگومان باسکردن و بلاَوکردنەوەی چالاکیەکانیان جۆرێکە لە دەستکەوتی مەعنەوی بۆ ئەوان و پاڵپشتە بۆ بەردەوام بون و فراوانکردنی چالاکیەکانیان.**

**3. دروستکردنی هەستی چاودێریکرن(المراقبە) لای ئەندامانی بەرێزی ئەنجومەنی پارێزگا ، کە هەمیشە دەبێت ئەوەیان لەبەر چاوبێت جێبەجێکردنی ئەرکەکان و بلاَوکردنەوەیان ڕەهەندێکی دیکە بۆ پرۆسەکە زیاد دەکات ئەویش پێدانی هەل و دەسەلاَتی چاودێریە بەخەڵك ،هەروەها فراوانکردنی ئاسۆیی زانیاری و چاوکراوەییانە لە هەمبەر ئەو کارانەی کە بە شێکە لە ژیانی ڕۆژانەیان،کە ئەمە لە حاڵەتی پەنهانی و شاراوەیی کارەکاندا قورسە فەراهەمبێت و ئەم زانیاریانە دەستی ژمارەیەکی بەرچاوی هاولاَتی بکەوێت.**

**4. فراوانکردنی مافی بەشداریکرن (المشارکە) بۆ هاولاَتیان لەو کارانەی کە پەیوەندی ڕاستەو خۆیان بە ژیانیانەوە هەیە،ئەمە بە هەردو ڕەهەندی پۆزەتیف و نێگەتیف،واتە دەکرێت هاولاَتیەك لە رێگەی بەدواداچونی یەکێك لە کارەکانەوە بگاتە دەرنجامێکی ئیجابی بۆ ڕاپەڕاندی کارەکە یان دەرەنجامێکی سلبی کە بێگومان ئەو کات هاولاَتی دەتوانێت لە نزمترین ئاستدا دەسەلاَتی خۆی لەکاتی هەڵبژارندا بەکاربهێنێت لە سەر بنەمای دید و بۆچون و بەدواداچونەکانی بۆ کارەکانی کەسێکی دیاریکراو یان قەوارەیەکی دیاریکراو،نەك لەسەر بنەمای سۆز و بە شێوەیەکی رەمەکی.**

**وەك پێشنیار بۆ باشتر بەڕێوەچونی کارەکە پێم وایە دەکرێت ئەم پرۆسە دەوڵەمەند بکرێت بە:**

7. بلاٌوكردنەوەی دەرەنجامی كوٌی ئەو كارو چالاكی نوسراو سەردانانەی كە ئەندامانی بە ڕێزی ئەنجومەن پێی هەلٌساون بو لای لایەنی پەیوەندیدارەكان لە ناو ڕاپۆرتەكاندا لە بەشێكی سەربەخوٌی ڕاپۆرتەكەدا،بۆ ئەوە هاولاٌتی زیاتر تێبگات سەرچاوەی كێشەكان و راوەستانی كارەكان لەكوێدایە،هەروەها ئەگەر وانەبێت تەنها كارەكە دەبێتە جوٌرێك لە نمایش و سەردانی ڕوٌتینی .

2. دەكرێت ئەندامانی ئەنجومەن ڕابسپێرن كە لە چالاكی و كارەكانیاندا، رێكخراوەكانی كوٌمەلٌگەی مەدەنی تایبەتمەند بەشدار پێبكەن بۆ ئەوەی پەستانەكان بەهێزتر بن بوٌ وەلاٌمدانەوەی(استجابە)ی لایەنی پەیوەندیدار، یاخود دەرەنجامەكانی بسپێردێتەوە بە رێكخراوەكانی ناوبراو بوٌ بەدواداچونی زیاتر و پشتگیركردنی هەولٌەكانیان.

**دوا وتە :**

ئەم راپۆرتە دوا راپۆرتی پرۆژەی رادیۆی دەنگ دەبێت بۆ چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاس و پێزانینی زۆرمان ئاراستەی هەمو ئەو لایەن و کەسایەتیانە بکەین کە لەم پرۆژەیەدا هاوکارمان بون، هەروەك سوپاسیش بۆ دو نوێنەرەکەی گەرمیان کە بەسنگفراوانییەوە لەگەلٌ پرۆژەکەماندا بون.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، بەنیازین ئەو ئەزمونەی لەم یەکەیەدا وەرمانگرتوە، لە پرۆژەی داهاتومان بۆ چاودێریکردنی حکومەتیی خۆجێیی گەرمیان بەکاری بهێنین.

بەوئومێدەی لەم هەنگاوەدا سەرکەوتو بین.

**بۆپەیوەندیکردن:**

07702303676 – 07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org